Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

TURVAPAIKKA-, MAAHANMUUTTO- JA KOTOUTTAMISRAHASTO

Euroopan unionin tuella

# ڕێنوێنیی گفتوگۆکردن

تۆ بۆ گفتوگۆی فەرمانگەی کۆچ بانگهێشت کراویت. ئەم ڕێنوێنییانە کە باسی ماف و ئەرکەکانت لە گفتوگۆکەدا دەکەن، بەوردی بخوێنەوە. ئەگەر پرسیارێت دەربارەی ئەم ڕێنوێنییانە هەیە، دەتوانیت لە سەرەتای گفتوگۆکەدا ئاراستەی کارمەندی فەرمانگەی کۆچی بکەیت.

## مەبەستی گفتوگۆکە چییە؟

- تۆ داوای پەناگەی ئارامت لە فینلەند کردووە. پێش ڕوونبوونەوەی ئەوەی کە چ وڵاتێك بەرپرسە لە تاوتوێکردنی داوانامەکەت، فەرمانگەی کۆچ، بە وردی داوانامەکەت تاوتوێ ناکات.
- لە گفتوگۆکەدا ئەو شتانە ڕوون دەکرێنەوە، کە کاریگەری دادەنێن لەسەر ئەوەی، کە ئایا داوانامەکەت تاوتوێ دەکرێت، یان بەبێ لێکۆڵینەوە بەجێ دەهێڵرێت. لە گفتوگۆکەدا بنەماکانی پەناگەی ئارام ڕوون ناکرێنەوە.
- ئەوەی کە لە چ وڵاتێکدا داوانامەکەت تاوتوێ دەکرێت، لەسەر بنەمای ڕێکاری ئەوەی کە پێی دەوترێت ڕێساکانی دوبلینی سەر بە یاساکانی یەکێتیی ئەورووپا، دیاری دەکرێت.
- فەرمانگەی کۆچ، لەسەر بنەمای گفتوگۆی دوبلین، ڕوونی دەکاتەوە کە چ وڵاتێك بەرپرسە لە تاوتوێکردنی داوانامەکەت و ئایا داوانامەکەت لە فینلەند وەردەگیرێت بۆ لێکۆڵینەوە، یان نا.
- وڵاتانی دوبلین، هەموو وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا و نەرویج و سویسڕا و ئایسلەندا و لیشتێنشتاینن.
- ئەگەر پێشتر لە وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەورووپا پارێزگاریی نێونەتەوەییت وەرگرتبێت، دەکرێت لە داوانامەکەت نەکۆڵرێتەوە. لەو کاتەدا بابەتەکە پێوەندیی بە ڕێکاری دوبلینەوە نییە. لەم دۆخەدا، لە گفتوگۆکەدا ئەو هۆکارانە ڕوون دەکرێنەوە کە بۆچی دەبێت سەرەڕای ئەوەش، لە فینلەند لە داوانامەکەت بکۆڵرێتەوە.
- ئەگەر دەتەوێت لەسەر بنەمایەکی تر، داوای مۆڵەتی مانەوە لە فینلەند بکەیت، دەبێت داوانامەیەکی جیاواز و بە پارە ئاڕاستە بکەیت. ئەو بنەمایە دەتوانێت بۆ نموونە کارکردن یان پەیوەندیی خێزانی بێت.

## چ مافێکت لە گفتوگۆکەدا هەیە؟

- مافت هەیە یارمەتیدەرێکی یاسایی لەگەڵ خۆتدا بۆ گفتوگۆکە ببەیت. خۆت بەرپرسیت لە پەیداکردنی یارمەتیدەرەکە. یارمەتیدەرەکە بەپێی هەڵسەنگاندنی خۆی، بەشداری لە گفتوگۆکەدا دەکات یان نا.

- لە گفتوگۆکەدا وەرگێری زاری هەیە. کاری وەرگێری زاری ئەوەیە، کە بەبێلایەنی، هەموو ئەوانەی کە لە گفتوگۆکەدا دەوترێن وەربگێرێت. وەرگێری زاری، یان خۆی لەوێ ئامادە دەبێت یان دەتوانێت لە ڕێگای تەلەفۆنەوە یان لە ڕێگای پەیوەندیی ڤیدیۆییەوە وەگێران بکات.

- ئەنجامدەری گفتوگۆکە و وەرگێری زاری و یارمەتیدەر، ئەرکی پاراستنی نهێنییان لەسەرە، بە واتای، ئەوان بۆیان نییە هیچ لەو شتانە کە لە گفتوگۆکەدا بیستوویانە، بۆ هیچ کەسێکی دەرەوە بگێرنەوە، تەنانەت بۆ ئەندامانی خێزانەکەی خۆتیش.

- پێویستە بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە تۆ ، لە بنەمادا، بە نهێنی بپارێزرێن.

## چ ئەرکێکت لە گفتوگۆکەدا هەیە؟

- لە بەرژەوەندیی خۆتدایە کە لە گفتوگۆکەدا، ڕاستگۆیانە باس لە هەموو ئەو شتانە بکەیت کە کاریگەرییان لەسەر داوانامەکەت هەیە.

- لە بەرژەوەندیی خۆتدایە، کە باس لە بابەتە دژوارەکانیش بکەیت. لەوانەیە ئەو بابەتانە کاریگەریی یەکلاکەرەوەیان لەسەر داوانامەکەت هەبێت.

- ئەگەر شتێکت لەبیر نەمابێت یان نەیزانیت، هەوڵ مەدە لەخۆتەوە وەڵام دروست بکەیت. دانی زانیاریی هەڵە، باوەڕپێکردن بە گێرانەوەکەت لاواز دەکات.

- دواتر، تەنها بە بەڵگەنامەی کەسیی باوەڕپێکراو، کە لەلایەنە فەرمییەکانەوە پێت دراوە، دەتوانیت ئەو زانیارییە کەسییانەی کە داویانتە، بگۆڕیت.

- دانی زانیاریی کەسیی هەڵە، بەپێی یاسا تاوانە و سزادانی بەدوواوەیە.

- سەرنج بدە، لەوانەیە دانی زانیاریی هەڵە، یان شاردنەوەی زانیاریی ڕاست، دواتر ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی ئەو مافی مانەوەیەی کە پێشتر دراون و کاریگەریش لەسەر تاووتوێکردنی بابەتەکانی تر دابنێت.

## به چ شێوەیەك باشە، كە خۆت بۆ گفتوگۆكردن ئامادە بكەیت؟

- پێش گفتوگۆكە، هەموو ئەو ڕێنوێنی و نامیلكانە بخوێنەوە كە لایەنە فەرمییەكان داویانە پێت. گرنگە، هەموو كاتێك ئەو نامیلكانەش بخوێنیتەوە كە پەیوەستن بە ڕێكاری دوبلینەوە. ئەگەر ئەو نامیلكانەت نییە، لە ماڵپەڕی فەرمانگەی كۆچ دەیاندۆزیتەوە: migri.fi/esitteet-ja-julkaisut. نامیلكەكان لەژێر ئەم ناونیشانەدان " Turvapaikka ja Dublin-menettely" واتا پەناگەی ئارام و ڕێكاری دوبلین.

- ئەگەر دەتەوێت وەرگێری زارییەكەت ژن بێت یان پیاو بێت، لەزووترین كاتدا پێش گفتوگۆكە، بابەتەكە بۆ كارمەندی ناوەندی پێشوازیكردن لە پەناخوازان (كەمپ) باس بكە. ناوەندی پێشوازیكردن لە پەناخوازان (كەمپ)، داواكەت دەگەیەنێتە فەرمانگەی كۆچ.
- ئەگەر دۆخی تەندروستیی جەستەییت یان دەروونیت بە شێوەیەك بێت كە دەتوانێت كاریگەریی لەسەر بەباشی بەڕێوەچوونی گفتوگۆكە هەبێت، بابەتەكە بۆ كارمەندی ناوەندی پێشوازیكردن لە پەناخوازان بگێڕەوە. ناوەندی پێشوازیكردن لە پەناخوازان (كەمپ) دەتوانێت بە ڕێپێدانی خۆت، پێش گفتوگۆكە، دەربارەی بابەتەكە پەیوەندی بە فەرمانگەی كۆچەوە بكات.
- خواردن یان پارەی نانی نیوەڕۆ لەگەڵ خۆتدا ببە.
- ئەو دەرمانانە لەگەڵ خۆتدا بهێنە كە لە ماوەی ڕۆژەكەدا پێویستیت پێیان دەبێت.
- هەموو ئەو بەڵگەنامە و ڕوونكردنەوانە لەگەڵ خۆتدا ببە كە پەیوەندییان بە داوانامەكەتەوە هەیە.
- منداڵ لەگەڵ خۆتدا مەهێنە. ئەگەر لە ماوەی گفتوگۆكەدا، پێویستیت بە چاودێر هەیە بۆ منداڵەكەت، لە زووترین كاتدا بابەتەكە بە ناوەندی پێشوازیكردن لە پەناخوازان (كەمپ) بگێڕەوە.
- لە كاتی دیاریكراودا لە شوێنەكە ئامادە بە. كاتێكی پڕ بە پێست بۆ ڕێگای گەیشتن تەرخان بكە. لە ناوەندی پێشوازیكردن لە پەناخوازانەوە (كەمپ) ڕێنوێنیی گەیشتن بە فەرمانگەی كۆچت پێ دەدرێت.

## لە ڕۆژی گفتوگۆكەدا لە فەرمانگەی كۆچ بەم جۆرە بكە

- كە دێیت بۆ شوێنی فەرمانگەی كۆچ، دەكرێت بۆ دڵنیایی باری ئاسایش، پشكنرێیت.
- ناسنامەی نیشتەجێبوونت لە ناوەندی پێشوازیكردن لە پەناخوازان (كەمپ)، پیشانی پاسەوانی فەرمانگەی كۆچ بدە.
- تەنها ئەو كەسانەی كە بانگهێشت كراون بۆ گفتوگۆ و ئەو كەسانەی تر كە پێشەكی لەگەڵ فەرمانگەی كۆچ ڕێككەوتوون دەتوانن بێن بۆ هۆڵی چاوەڕوانیی گفتوگۆ.
- ئەگەر دەتەوێت كەسێكی پشتیوان لەگەڵت بێت، ئەو كەسە دەتوانێت پێشەكی بە شێوەیەكی نووسراو پرسیاری بابەتەكە لە فەرمانگەی كۆچ بكات. ئەگەر نا، ئەنجامدەری گفتوگۆكە لە سەرەتای گفتوگۆكەدا بڕیار دەدات، كە ئایا كەسی پشتیوان دەتوانێت لەگەڵت بێت یان نا. كەسی پشتیوان یارمەتیدەر نییە و بۆیشی نییە بەشداری لە ڕوونكردنەوەی بابەتەكاندا بكات.
- ئەنجامدەری گفتوگۆكە كارمەندی فەرمانگەی كۆچە.
- ئەنجامدەری گفتوگۆكە، دێت بە دواتدا بۆ هۆڵی چاوەڕوانی.

- دەنگی گفتوگۆکە تۆمار دەکرێت. جگە لەوە، لە ژوورەکەدا کامێرای چاودێریش هەیە، کە وێنە تۆمار دەکات.

- لەکاتی گفتوگۆکەدا، بەپێی پێویست، دەتواندرێت پشوو وەربگیرێت. هەمیشە دەتوانیت داوای پشوو بکەیت.

## لە گفتوگۆکەدا چی ڕوو دەدات؟

- لە سەرەتادا، ئەنجامدەری گفتوگۆکە بۆت دەگێڕێتەوە، کە لە گفتوگۆکەدا چی ڕوو دەدات و دڵنیا دەبێتەوە لەوەی، کە لە ماف و ئەرکەکانت تێگەیشتوویت. ئەگەر لە شتێك تێنەگەیشتیت، پرسیار بکە. ئەگەر لە وەرگێڕی زارییەکە تێنەگەییشتی، باسی بکە.

- ئەنجامدەری گفتوگۆکە، پرسیاری ئەم زانیارییانەی خوارەوەت لێ دەکات:
  - زانارییە کەسییەکانت
  - زانیاری دەربارەی شوێنی نیشتەجێبوونت لە وڵاتی خۆت.
  - زانیاری دەربارەی خێزانەکەت و خزمەکانت لە وڵاتی خۆت و لە ئەورووپا.
  - زانیاری دەربارەی مۆڵەتی مانەوە و ڤیزا و هەروەها داوانامەکانی پەناگەی ئارام لە وڵاتانی تردا.
  - زانیاری دەربارەی مانەوەت لە ئەورووپا پێش هاتنت بۆ فینلەند.
  - ڕێچکەی گەشتەکەت بۆ فینلەند.
  - دەربارەی ئەو هۆکارانەی کە بە هۆیانەوە، نابێت تۆ بگەڕێندرێیتەوە بۆ وڵاتێکی تر.
  - دەربارەی ئەو هۆکارانەی کە بە هۆیانەوە، دەبێت داوانامەکەت لە فینلەند تاوتوێ بکرێت، ئەگەر پارێزگاریی نێونەتەوەییت لە وڵاتێکی تردا وەرگرتبێت.
  - هەڵوێستت چی دەبێت لەسەر دەرکردنت لە وڵات و قەدەغەکردنت لە هاتنەوە بۆ ئەم وڵاتە.

- ڕاستگۆیانە وەڵامی پرسیارەکان بدەرەوە. خۆت وەڵام دروست مەکە. ئەگەر شتێك نازانیت یان لە بیرت نەماوە، باسی بکە.

- لە کۆتاییدا وەرگێڕی زاری، ئەو کۆنووسەت بۆ دەخوێنێتەوە کە ئەنجامدەری گفتوگۆکە نووسیویەتی. ئەگەر تێبینیی هەڵەت تێیدا کرد، بە ئەنجامدەری گفتوگۆکە بڵێ. دەتوانیت شتی تریش بۆ کۆنووسەکە زیاد بکەیت.  دوای ئەمە، کۆنووسەکە ئیمزا دەکرێت و کۆپییەکی دەدرێت بە تۆ.

## لەدوای گفتوگۆکە، چی ڕوو دەدات؟

- لە ڕێسای دوبلیندا، هۆکاری جیاواز دیاری کراوە، کە لەسەر بنەمای ئەو هۆکارانە، وڵاتێکی دیاریکراو بەرپرسە لە تاوتوێکردنی داوانامەکەت. ئەو هۆکارانە بریتین لە: ١) داوانامەی پێشتری پەناگەی ئارام ٢) ئەندامانی خێزان لە وڵاتانی دوبلین ٣) ڤیزا یان مۆڵەتی مانەوە لە وڵاتانی دوبلین ٤) مانەوە لە وڵاتانی دوبلین یان تێپەڕبوون پێیاندا. فەرمانگەی کۆچ لە هەموو ئەو هۆکارانە کە لە ڕێسای دوبلیندا داڕێژراون، بەپێی ڕیزبەندیی گرنگییان، ورد دەبێتەوە.

- ئەگەر دەتەوێت دواتر ڕوونکردنەوەی زیاتر بنێریت، بە شێوەی نووسین بیاننێرە. دەربارەی بابەتەکەت بە تەلەفۆن قسە ناکەین، چونکە ناتوانین دڵنیا بین لە زانیاریی کەسیی ئەو کەسەی تەلەفۆن دەکات.

- لە کاتی پێویستدا، فەرمانگەی کۆچ دەتوانێت ڕوونکردنەوە لەسەر ڕاستەقینەبوونی بەڵگەنامەکانت پەیدا بکات. لایەنە فەرمییەکانی وڵاتەکەت، بۆیان نییە دەربارەی ئەمە بزانن و ڕوونکردنەوەکە ناشبێتە هۆکاری مەترسی لەسەر خۆت یان کەسە نزیکەکانت.

- بڕیاردان لەسەر بابەتەکەت لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانە دەبێت، کە لە گفتوگۆکەدا داویانتە و ئەو زانیارییانەی تریش، کە لە بابەتەکەی تۆدا خراونەتە ڕوو.

- ئەگەر بڕیار بدرێت کە بگەڕێندرێیتەوە بۆ وڵاتێکی تر، دەتوانیت نارەزایی دەربارەی بڕیارەکە بۆ دادگا بنێریت. دەتوانیت داوی ئەوەش بکەیت کە تا ئەو کاتەی نارەزاییەکە تاوتوێ دەکرێت، لە فینلەند بمێنیتەوە.

- ئەگەر لە داوانامەکەت نەکۆڵرێتەوە، دەکرێت تۆ بگەڕێندرێیتەوە و بڕیاری قەدەغەکردنی هاتنە ناو فینلەند و وڵاتانی تری پەیوەست بە ڕێککەوتننامەی شینگنت بۆ بدرێت.